www.kurdistannet.org

26-10-2006 23:42:26بەکاتی ناوەندی ئەوروپا



The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

**ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفال و ژینۆسایدی گەلی کورد ـ چاک ـ کۆمیتەی ئەڵمانیا**

http://www.nawandihalabja.com/ku/
http://chak.almanya.googlepages.com

Tel: 0049 - 261-5798947
Mobil: 0049 - 151-177 02136


**بەیەکەوە بەرەو کۆنفرانسی ژینۆسایدی یەزیدییەکان**

**بە درێژایی مێژوو، ئێزیدییەکان دووچاری کارەسات و هێرشی پاکتاوی رەگەزی و فەرمانی لەناوبردن یا قڕکردن هاتوون. بە هۆی ئەم فەرمانانەوە سەدان هەزار گیانی پاک و مرۆڤی بێگوناه بوونەتە قوربانی کە تێیدا بەدترین شێوازی کوشتن و کۆچپێکردن و راوانان دژی ئێزیدییەکان پەیڕەو دەکرا بە تایبەتی لەسەردەمی عوسمانییەکاندا، هەروەک چۆن سەرچاوە مێژووییەکان چیرۆکی دەیان هێرشی قڕکردن "فەرمان"مان بۆ دەگێڕێتەوە، دواهەمینیشیان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا و پێش رووخانی ئیمراتۆرییەتی عوسمانی بوو لەسەر دەستی مارشال عومەر وەهبی، ئەمە جگە لە هێرشە توندوتیژ و کوشتوبڕییەکانی پاشا کۆرەی رەواندزی دژی ئێزیدییەکان و کوشتن و بەتاڵانبردنی سەروماڵ و کچ و ژنی ئێزیدییەکان. فەرمانەکان هەر ئەوەندە نەبوون و بەوەش کۆتاییان پێ نەهات، لە سەردەمی رژێمی فاشیستی سەدام حسێندا، چەوساندنەوەی ئایینی و نەتەوەیی لەسەر ئێزیدییەکان بەردەوام بوو، وەک هاوڵاتیانی دیکەی کوردستان لە راگواستن و بە عەرەبکردن رزگارییان نەبوو، بەڵکوو ئەنفال ئەوانیشی گرتەوە و چەندین خێزان بە تەواوی لەناوبران.**

**بۆ زیاتر روونکردنەوەی ئەم ستەمە مێژووییانەی کە لە برایانی ئێزیدیمان کراوە، ناوەندی چاک بە هاوکاری کۆمەڵێک رێکخراوی ئێزیدی، هەڵدەستێ بە سازدانی کۆنفرانسێکی تایبەت سەبارەت بە ئەنفال و ژینۆسایدی ئێزیدییەکان لە مێژوودا، بۆیە، داوا لە هەموو خێرخوازان و تێکۆشەران لە پێناوی ئازادی و دادپەروەریدا، دەکەین، بە تایبەت حیزب و رێکخراوە ئێزیدییەکان، بە گەرمی و چالاکییەوە بەشداری ئەم کۆنفرانسە بکەن و ناکۆکییە لاوەکییەکانیان وەلا بنێن، بە دڵسۆزییەوە بڕواننە بەرژەوەندی رۆڵەکانی ئێزیدییە کوردە رەسەنەکان.**

**داوا لە هەموو توێژەرەوە و نووسەران و رێکخراوە پێوەندیدارەکان دەکەین، لە ئامادەکردن و هاوکاریکردنی رێکخستنی ئەم کۆنفرانسە بەشدار بن و بیرۆکە و پێشنیاری خۆیانمان بۆ روون بکەنەوە، لەسەر ئەم ئیمێلەی خوارەوە:**

chak.almanya@googlemail.com

**ناوەندی (چاک)**

**ئەڵمانیا** 23ئۆکتۆبەر 2006